# ئەوە شەیتانێکە پێی دەووترێت خینزەب، ئەگەر هەستت پێ کرد پەنا بە خوای گەورە بگرە لێی، وسێ جار تف بکە بە لای چەپتدا

لە عوسمانی کوڕی ئەبی ئەلعاسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، شەیتان دێتە نێوان من ونوێژەکەم وخوێندنەوەم لێ تێکدەدات، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەوە شەیتانێکە پێی دەووترێت خینزەب، ئەگەر هەستت پێ کرد پەنا بە خوای گەورە بگرە لێی، وسێ جار تف بکە بە لای چەپتدا»، دەڵێت: منیش ئەوەم ئەنجامدا بۆیە خوای گەورە ئەوەی لەسەرم نەهێشت.
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

عوسمان کوڕی ئەبی ئەلعاس -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا شەیتان دێتە نێوان من ونوێژەکەم، ودەبێتە هۆی ئەوەی خشوعم نەمێنێت لەنوێژدا، وخوێندنەوەم لێ تێکەڵ دەکات وتووشی گومان دەبم، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: ئەوە شەیتانێکە پێی دەووترێت خینزەب، ئەگەر هەستت بەمە کرد ؛ داوای یارمەتی لە الله بکە وپەنای پێ بگرە، وسێ جار تف* بکە بە لای چەپدا، دەڵێت: منیش ئەوەم ئەنجامدا کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی، خوای گەورە ئەوەی لەسەرم نەهێشت. *(تف: مەبەست لێی تف کردنێکە تەنها هەواکە بێت لەگەڵ چەند تەڕیەکی کەم لە ئاوی تفەکە -تفێکی کەم بەسەر زمان-)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65105

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee